ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

المجلس الوطني لكوردستان – العراق

Kurdistan National Assembly - Iraq

Parliament Office
No:
Date 23 / 02 / 2009

نوسینگەی سەرۆك
ژمارە :
رۆژ : 23 / 02 / 2009

**بەڕێز ئارمیناگ ئابراهامیان**
**ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەرمەن**

سلاوێکی گەرم

بەخۆشحاڵیەوە سوپاسنامەکەتانم پێگەیشت سەبارەت بەتەرخانکردنی کورسیەك بۆ نوێنەری نەتەوەی ئەرمەن لەپەرلەمانی کوردستاندا. دیارە میللەتی ئەرمەن یەکێکە لەپێکهاتە دێرین و مێژووییەکانی کوردستان وعێراق وناوچەکە. زۆر ئاساییە لەرەوشێکی دیموکراسیی وەك هەرێمی کوردستان هەموو مافەکانیان دابین بکرێت وجێگای سروشتی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا دیاربێت. چونکە بەدرێژایی مێژوو هەردوو نەتەوە رووبەرووی چەندین کارەسات ونەهامەتی بوونەتەوە، هاوکاری کردنی نێوانیشیان بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵم وستەمانە کارێکی پێویستە بۆ گەیشتن بەدادپەروەری ودیموکراسیەت و پێکەوەژیانی برایانە.

پێمان وایە ئەو بریارەی پەرلەمانی کوردستان مافێکی سروشتی نەتەوەی ئەرمەنەو ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەوڵەمەند دەکات وپەیوەندی مێژووی و برایەتی نێوان کوردو ئەرمەن وهەموو پێکهاتەکانی تری کوردستان پتەوتر دەکات.

هەربژین و زۆر سوپاس

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عیراق**